کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 27-5-2007 19:41

## ئەگەر ژیانی هاوسەری پێکبهێنم، واز لە خواردنەوەی مەی دەهێنم.. مەیخۆرێک ... ئا: سەمیر هەمزە

مەیخواردنەوە یەکێکە لەو دیاردانەی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ڕوو لە زیادبوونە و هیچ سنور و بەربەستێکیش بۆ ئەم دیاردەیە دانەنراوە، کە ئەمەش تا ئاستێکی زۆر حکومەت لێی بەرپرسە. مەیخۆر جگە لەوەی زیانێکی ئێجگار گەورەی هەیە بۆ لایەنی ماددی و جەستەیی، زەرە و زیانی بۆ دەوروبەر و کۆمەڵیش هەیە و دەیان جاریش ڕووداوی کوشتن و تەعەدای نامووس و ڕووداوی ئۆتۆمبێل ڕوویداوە، کە لەلایەن مەیخۆرەکانەوە ئەنجام دراوە، دەکرێ حکومەت لەو دیاردەیە ئاگادار نەبێ؟! لایەنە پەیوەندیدارەکان چەندە پلانیان لەبەردەستدایە بۆ بنبڕکردنی ئەم دیاردەیە؟ لەلایەکی ترەوە پرسیارێك ڕوبەڕوومان دەبێتەوە، ئایا ئەو خەڵکە لەبەر چی بەم شێوەیە ڕوو لە خواردنەوەی مەی دەکات؟

(س) کە گەنجێکی خەڵکی شاری هەولێرە و زۆربەی ڕۆژەکان بە مەبەستی خواردنەوەی مەی ڕوو لە پشت بازگەی عەینکاوە دەکات، دەڵێ "نزیکەی شەش ساڵە بە بەردەوامی دەخۆمەوە، لەو کاتەوە فێری خواردنەوە بووم، کە چەند ساڵێك پەیوەندیی خۆشەویستیم لەگەڵ کچێك هەبوو، بەڵام ماڵی باوکی کچەکە ئەو کچەیان نەدامێ و نەیانهێشت ژیانی هاوسەری پێکبهێنم، بۆیە منیش بۆ لەبیرچوونەوەی ئەم خەفەتە، ڕووم لە خواردنەوەی مەی کرد".

(س) دەڵێ "ئەو کاتانەی کە مەی دەخۆمەوە، زۆر هەست بە ئارامی دەروونی دەکەم، بۆیە تا ئێستاش لەسەری بەردەوامم".

لەبەر ئەوەی (س) ماوەیەکی زۆرە خەریکی خواردنەوەی (مەی) یە، "دەڵێ پێشتر زۆر بێهۆش دەبووم و خەڵك گاڵتەیان پێ دەکردم، بەڵام ئێستا لێی ڕاهاتووم و بێهۆش نابم، لەگەڵ ئەوەشدا هەفتانە سێ یان چوار جار دەخۆمەوە".

لەبارەی ئەوەی کە هەرجارێك (س) چەندە دەخواتەوە، ئەو دەڵێ "ئەگەر ویسکی بخۆمەوە، یەك بتڵ دەخۆمەوە، بەڵام ئەگەر بیرە بخۆمەوە، (9 تا 12) بتڵ دەخۆمەوە".

(س) بە بێزارییەکی زۆرەوە دەیگوت "بە دڵنیاییەوە ئەم خواردنەوەی من زۆر خراپە، بەڵام فێر بووم، بۆیە ناتوانم وازی لێ بهێنم"، (س) ئامۆژگاریی ئەوانە دەکات کە تازە دەستیان کردووە بە مەیخواردنەوە، کە واز بهێنن لە خواردنەوە، چونکە لە پاشەڕۆژدا پەنجەی خۆیان دەگەزن.

(س) لایەنێکی تووشبوونی بەم خواردنەوەیەی بۆ ئەوە گێڕایەوە کە حکومەت شوێنی نیشتەجێبوون بۆ گەنجان تەرخان ناکات، بۆیە ئەو تووشی ئەوە بووە، چونکە کاتی خۆی کە کچەکەیان نەداوەتێ، لەبەر بێ شوێنی بووە، بۆیە ئەگەر شوێنی هەبوایە، ئەوا ئەویش تووشی ئەمە نەدەبوو.

(س) درێژەی بە قسەکانی دا و گوتی "ئەگەر ژیانی هاوسەری پێکبهێنم، ئەوا واز لەو کارە دەهێنم و ئەو کاتەی لە مەیخواردنەوەدا بەفیرۆی دەدەم، لەگەڵ خێزانەکەم و ماڵەوەمان بەسەری دەبەم

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.